کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-7-2007 20:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هیومان رایتس ووچ ... دڵزارحەسەن:**



ڕەنگە کارێکی نا تەندروست و دوور لە واقیع و خراپ بکەین گەر پێمان وابێت ئەزمونی دەسەڵاتداریەتی سیاسی و ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ئاستەدا بووە کە بوار نەبێت یان نەتواندرێت چ لە ناوخۆ و چ لە دەروە ڕەخنەی لێنەگیرێت. بڕیارێکی نا لۆژیکی و ناعادیلانەشە والێکبدەینەوە ڕەوشی ئێستای سیاسی و ئیداری دەسەڵاتی کوردستان جیاوازتر نییە لە ساڵانی رابردوودا. بێگومان ڕەنگە ئەم بۆچونەش بەلای من و زۆرێکی وەك من ڕاست بێت و دواجاریش بەیەکەوە دەتوانین بڵێین کاکە ئەم قەوانە تەنها بۆ خۆمانە و هەر خۆشمان بۆمان هەیە گوێی لێبگرین. چونکە بە هیچ شێوەیەك قابیلی بە ڕاست زانیین نییە گەر قەناعەتمان وابێت دنیای دەرەوەمان وەك ئێمەمانان ڕەوشی کوردستان دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆی ئەو ڕێکخراوانەی کەسەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانن شەرعییەتی ئەوەیان هەیە لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندن و بینینی کارمەندەکانیانەوە دوایین ڕاپۆرت لەسەر ڕێڕەوی ئەو ئەزموونە دەربکەن کە بەپێی ئەرکی ڕێکخراوەییان چاودێریکردنی ڕەوشی ئەمنی ناوچەکەیان کەوتۆتە ئەستۆ. هەر ئەوەشە دەرگای بۆ هیومانی خۆشکردووە کە بەدیقەتەوە خوێندنەوە بۆ حاڵەتەکان بکات. لێرەدا بۆ خاتری ئەوەی کەمێك لەوەزعی ئەمنی و ئیداری و سیاسی کوردستان ڕۆبچین و بە شێوەیەکی مەنتیقیش قسە لەسەر ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی هیومانی بکەین ئەوە پێویستیمان بەوە هەیە بەشێکی زۆر لەو غرورە ناموبالاتەی کە لە ئەقڵ و هزری سەرکردایەتی سیاسی و ئیداری کورددا هەیە دابەزێنینە خوارەوە بۆ ئاستێك کە یارمەتیمان بدات خوێندنەوەیەکی بابەتیانە و پێشچاو ڕوونیانەی بۆ بکەین. دیارە گریمانە زۆرن بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکەی هیومانی بە درۆ بخرێتەوە یان لانی کەم بە ڕاپۆرتێکی ناتەواو وەسف بکرێت، بەڵام هیچ یەکێك لەو لێکدانەوانە بە قەد ئەوە تەندروست و هیوا بەخش نییە گەر پێمان وابێت بەڵێ لە کوردستان پێشێلکاری لە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ زۆر کراوە و دامەزراوە حیزبی و ئەمنیەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتداریش بەشێکی زۆری ئەو پێشێلکاریانەیان بەردەکەویت. گەر بەو نەفەسە چاو لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی ناوبراو نەکەین ئەوە ناتوانین لە ئایندەدا ڕێگا بۆ ڕێکخراوی دیکە خۆشبکەین کە بە نیازن ڕاپۆرت لەسەر ڕەوشی ئەمنی و ئیداری و سیاسی و کلتوری هەرێمی کوردستاندا بکەن. کارێکی چاوەنوارکراویشە بەو سانسۆرکردنەیانەوە دەرگای ئازادییان لی تەسك بێتەوە و دواجار پەنا بۆ دروستکردنی ڕاپۆرتی نهێنی بەرن. بۆیە پێویست دەکات بەدەر لە خوێندنەوەی دژە بەرامبەر بۆ ڕاپۆرتەکە بە چاوێکی دیکەوە مەساری تێگەیشتن و ئیدارەکردنمان بۆ ڕەوشی ئەمنی و ئیداری و سیاسی هەرێم ئاراستە بکەین کە یارمەتیدەرمان بێت بۆ خاتری دروستکردنی دنیایەکی شەفاف و مەدەنیانە. ڕەنگە تا ئەم ساتەش وەك پێویست نەتواندراوە " دیارە مەبەستم سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستانە" خوێندنەوەیەکی دوور لەو بەدگومانیانەی بۆ بکرێت کەچی و کی لە پشتەوەی دروستکردنی ئەو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی هیومانیدایە. باوەڕم وایە گەر بە چاوی واقیعی ئێستای کوردستان سەیربکرێت بەهۆی زۆرێك لەم پێشێلکاریانەوە کە هەمیشە لێرە و لەوی بوونیان هەیە، دڵنیام بەشێکی زۆری گومانەکان بەرە و کاڵبوونەوە دەچن. باشترین دەرفەتیش بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاپۆرتەکە گۆڕینی ئەو کولتورە نا تەندروستەی کوردستانە وەك ڕەشەکوژی ژنان و سانسۆرخستنە سەر کاری ڕاگەیاندن و.... . هتد کە بەداخەوە وایکردووە دەرەوەمان بەو شێوەیەی ڕێکخراوی هیومانی خوێندنەوەمان بۆبکەن. بۆیە گرنگترین شتێك کە یارمەتی دەرمان بێت بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاوەژووکردنی وێنەکان باشترکردن و ڕێگاکرتنە لە هەر پێشێلکاریەك کە دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆشەی (دەنگ) ی ژمارە (247) ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.